وەزارەتی دەرەوە: هیچ باڵەخانەیەکمان لە کەریا نیە تاوەکو فرۆشرابێت



وەزارەتی دەرەوەی عێراق رایگەیاند، ئەو دەنگۆ و راپەرتانەی باس لەوەدەکەن کە باڵخانەیەکی سەر بە باڵیۆزخانەی عێراق لە سیئۆل بە کۆسایێتییەکی دیاری کۆماری کۆریای باشور فرۆشراوە، "دورەلە راستییەوە"، عێراق خاوەنی هیچ باڵەخانەیەک نیەلەو وڵاتەدا.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق ئەمڕۆ پێنجشەممە لە راگەیەندراوێکدا کۆدەستی موتڕبع کۆتووبڵاویکردەوە، بەدواداچون بە ڕاپۆرتە میدیاییەکان دەکات سەبارەت بەو تەمەتانەی باس لەوە دەکەن کە باڵخانەیەکی سەر بە باڵیۆزخانەی عێراق لە سیئۆل بە کۆسایێتییەکی دیاری کۆماری کۆریای باشور فرۆشراوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، عێراق خاوەنی هیچ باڵخانە و شوێنی نیشتەجێبونی باڵیۆزخانە نییە لە کۆریای باشور، باڵیۆزخانە بڕیاری دەکۆتننامەی بەکرێدان کە لەلایەن وڵاتی میواندارەوە پەسەندکراوە، هاوشێوەی زۆرێک لە نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکانی دیکە و بڕیاری دەکار ستاندارددکانی کارگێڕی و دەکخراوەیی بەکرێ گیراوە.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق جەخت دەکاتەوە کە "فرێشتنی باڵەخانێیەک کە خاوەنەکەی بە عێراق دورە لە راستییەوە و بێتواوی بە بنەما و بە بنەمان".

لە راگەیەندراوەکەی وەزارەتی دەرەوەی عێراقدا هاتوە، داوا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکات کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پەیوەندیدار بە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا وردبینی و پشتبەستن بە سەرچاوە فەرمییەکان ببەستن بە ئەوەی زانیاری نادروست بڵاو نەکەنەوە.